# کاتێک لە وڵات دەجاڵ هەڵدەستێت

**ڕۆزا حسێن**

ئەوەی کە تائێستاش لە کوردستانی ئێمەدا خەڵکانێک هەن کە گەر پێیان بڵێیت ئەوا پێغەمبەر بەڕێوەیە بەرەو هەولێر دێت دەچێتە عەقڵیانەوە، ئەمە دەریدەخات کە ئێمە میللەتێکمان هەیە کە گەر ئاگادار نەبین دەکرێت بەئاسانیی بقۆزرێنەوە بۆ داڕوخاندن و تەفروتوناکردنی کۆمەڵگاکەی خۆیان. خاڵێکی زوعفی وایە ئەو مەلایەی هەولێر بەو دەنگەدەنگەی لەسەر مینبەر ناویەتیەوە، دەیەوێت بیقۆزێتەوە بۆ تێپەڕاندنی مەرامەکانی خۆی بەسەر ئەو خەڵکەدا کە لەوێدا ئامادەن.

ئەوەی کە خەڵکی وڵاتی ئێمە ئەو خاڵە زوعفەی هەیە، ئەمە بەهیچ شێوەیەک نابێت بکرێتە بیانووی ئەوەی ئەو خەڵکە ناشیرین بکرێن و هێرش بکرێتە سەر سادەییان و ڕەخنەکان لەواندا بەتاڵ بکرێنەوە، چونکە سادەیی تاوانەکە نییە، بەڵکو لە حاڵەتی وادا تاوان بەلای منەوە دوو شتە: یەکەم، ئەوەی کە بەدئیستیفادە لەو سادەییەی ئەو خەڵکە بکرێت؛ دووەمیش، ئەوەی کە دەسەلاَت کارێک نەکات بۆ پاراستنی ئەو خەڵکە لە بەدئیستیفادەی ئەوانەی کە بۆ تێپەڕاندنی ئەجێندای خۆیان ئەو سادەییە دەقۆزنەوە، یان ئەسڵەن ئەگەر دەسەلاَت کارێک نەکات بۆ دەرکردنی خەڵکی وڵات لەو سادەییە.

هەر لێرەشەوەیە کە من لەو کێشەیەی لەسەر ئەو خوتبەیەی ئەو مەلایەی هەولێر کە لەنێوان ئەو و دەسەلاَتدا کەوتەوە، ئەو مەلایە و دەسەلات بە تاوانبار دەزانم و داکۆکیی لە مافی ئەو خەڵکە سادەیە دەکەم کە ئەمیان بەدئیستیفادە لەو سادەییەیان دەکات و ئەویتریشیان لەو بەدئیستیفادەیە نایانپارێزێت.

بەڵام ئەو جۆرە کارەی ئەو مەلایە دەستی بۆ بردووە و مامەڵەی دەسەلاَت لەگەڵیدا هەر ئەوە نییە خەڵکێکی سادە بکاتە قوربانیی دەستی دەجەلی مەلایان، بەڵکو کارەکە خەتەرترە و دەبێت ئێمە و دەسەلاَت حەساسانەتر مامەڵەی ئەو جۆرە قسەکردنەی مەلای مزگەوتان بکەین. ئەو قسانەی ئەو مەلایە لەو وتارەدا دەیانکات هەروا قسەفڕێدانێکی مەلایانەی وا نییە کە گوایە پێغەمبەر دێت بۆ هەولێر و تەواو، تا ئێمە بتوانین وەک ئەو هەزاران قسە سادانەی کە هەفتانە زۆرێک لە مەلایان بەسەر مینبەرەوە دەیانکەن وەریانگرین و لەبەر ئەوەی مەلان لێیاننەگرین. بۆ کەسێک گەر کەمێک وورد بێتەوە لەو قسانەی ئەو مەلایە دەیانکات، دەبینێت کە قسەی خەتەرناکن و دەهێنێت لەسەریان لێی بپرسرێتەوە و دادگایەکی عادیلانە و داکۆکییکەر لە ئازادییەکانی خەڵک عاقیبەتی ئەو جۆرە قسەکردنانەی پیشان بدات و، لێرەشەوە و لەهەمووی گرنگتر سنوور بۆ ئەو جۆرە قسەکردنە لەکۆمەڵگادا دابنرێت، ئیتر ئەو قسانە چی لەلایەن مەلایانەوە بکرێت یان لەلایەن دەسەلاَت و ئەحزابەوە یان لەلایەن هەر هاولاَتییەکی سادەوە.

ڕەنگە کەسێک ڕای وا بێت کە ئەوە ڕای شەخسیی ئەو مەلایە خۆیەتی و ئەمە مومارەسەکردنی دەربڕینی ئازادانەی بیروڕای خۆیەتی. بەڵام تەبریرێکی وا کارێکی کوێرکەرانەیە تا حەقیقەتی خەتەرناکیی ئەو قسانە نەبینین. بەڵێ کەسێک حەقی خۆیەتی بێ و ئیددیعای ئەوە بکات کە پێیوایە "پێغەمبەر دووشەمەی ڕابردوو لە هەولێر بوو"، بەڵام کاتێک ئەم قسەیە بۆ قەناعەتپێهێنانی کەسانێک دەکرێت و هەر بە فیعلییش کەسانێک قەناعەت بە قسەیەکی وا دەکەن، ئەمە ئیتر لە مومارەسەکردنی ڕای شەخسیی دەردەچێت و دەبێتە مومارەسەی دەجەل. ئالێرەدایە کە دەبێت ئەم کەسانە لێیان بپرسرێتەوە. دەجەلبلاوکردنەوە دەبێت سزای یاسایی هەبێت. کەسێک کە بۆ مەرامی خۆی دەجەلێکی وا لەسەر خۆی بڵاو دەکاتەوە کە شەوێک فڕی بۆ مەککە و حەجی کرد و هاتیشەوە، وە کاتێکیش ئەم ئیددیعایە دەچێتە عەقڵی خەڵکەوە، ئەوە ئیتر ئەرکی دادگاکانە بێنە ناوەوە و لەو خەڵکخەڵەتاندنە بپرسنەوە، نەک بەرپرسان سەردانی بکەن و ئیددیعاکەی بۆ بسەلمێنن، وەک چۆن بەرپرسێکی پایەبەرزی دەسەڵات چووە زیارەتی ئەو کچەی کە لە کەسنەزان ئیددیعای ئەوەی دەکرد کە فڕیوە بۆ حەج و "بوراقانە"ش هاتۆتەوە.

ئاخر دەجەل، وەک لەسەرەوە ووتم، بەدئیستیفادەیە لە سادەیی خەڵک و ئیستیغلالکردنی ئەم سادەییەیە بۆ پێکانی مەرام و غەرەزی خۆت. ئەمە هیچ جیاوازیی نییە لەگەڵ ئەوەی کە ئێستا لە کوردستان بازرگانەکان بۆ قازانجی زیاتر دەجەلێکی وا بڵاو دەکەنەوە کە ئەو بۆن و عەترانەی ئەوان هەیانە پیرۆزن و نەخۆشیی چاک دەکەنەوە بۆیە بە نرخی دووقات دەیانفرۆشنەوە و کڕیاریشیان لەو بۆنفرۆشانە زیاترە کە کەمپینێکی دەجەلی وایان بۆ کاڵاکانیان بەڕێنەخستووە. ئەمە ئیستیغلالی سادەیی خەڵکە بۆ دەستکەوتی ئابووری و ئەرکی دەسەڵاتە ڕێی پێ نەدات.

لەحاڵەتی ئەو ووتارەی ئەو مەلایەدا دەستبردن بۆ دەجەل بۆ قازانجی ئابوریی نییە، بەڵکو ئاشکرا بۆ غەرەزی سیاسیی و بۆ هاندان بۆ توندوتیژیی و تیرۆرە ئەو قسانە دەکات. ئەوەی ئەو دەیکات نەک هەر مومارەسەی ئازادیی بیروڕا نییە، وەک چۆن ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی لە ژمارە ٣٠٩ ی هەفتەنامەی میدیادا شەفاعەتێکی وای بۆ دەکات، بەڵکو ئەو قسانەی ئەو مەلایە هاندانێک و هێرشێکی زیادەڕۆییانەیە بۆ سەر ئازادیی بیروڕای خەڵکانی تر، وە بەتایبەت بۆ سەر ئازادیی بیروڕای ڕۆشنبیران و نووسەرانی پێشکەوتنخواز. ئەمەیە کە دەبێت دەسەڵات لەسەری لێی بپرسێتەوە. ئەرکی دەسەڵاتە داکۆکیی لە ئازادیی بیروڕای ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانە بکات کە ڕایەکی جیاواز لەڕای ئەو مەلایەیان لەسەر ئایینی ئیسلام هەیە یان هەر باوەڕیان بە ئایین نییە. ناوبردنی ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانە بە "بەچکە جولەکە" و هاندانی خەڵک لە دژیان موخالەفەیەکە دژ بە مافەکانی مرۆڤ کە چەند ساڵیشی بەسەردا بڕوات هەر دەبێت لێی بپرسرێتەوە. ئەوەی کە دوو ساڵ بەسەر ئەو قسانەدا ڕۆیشتووە نابێت، وەک چۆن بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف داوا دەکات، بکرێتە پاکانەی چاوپۆشییکردن لێی. حکومەت دەبێت ئەوە بزانێت کە بە چی ئەندازەیەک لەو قسانە ببوردرێت، بەو ئەندازەیە تەنگ بە ڕۆشنبیران لە کۆمەڵگادا هەڵدەچنرێت و ئازادیی بیروڕاش بەو ئەندازەیە جێی پێ لەق دەکرێت. دیاریشە کە پاراستنی هەم ژیان و هەمیش مافی ئازادیی بیروڕا بۆ ڕۆشنبیران و نووسەران و ئینجاش بۆ هەموو هاوڵاتییان موتڵەقەن ئەرکی دەسەڵاتە و هەر درێغییەک لەم بوارەدا دەرگا بۆ توندڕەویی و تیرۆر لە کۆمەڵگادا دەخاتە سەر پشت.

سەرباری مومارەسەی دەجەل و هاندانی خەڵک بۆ بەکارهێنانی توندوتیژیی دژ بە نووسەران و ڕۆشنبیران، ئەوا خاڵێکی تریش هەیە لەو خوتبەیەدا کە دەبێت بە حەساسییەتێکی زیاترەوە وەربگیردرێت ئەویش بەکاربردرنی وەسفی "بەچکە جولەکەیە". من دەزانم کە ئەم جۆرە لە قسەکردن ساڵانێکە لەناو گوتاری دنیای ئیسلامییدا ئەلفازێکی باوە، بەڵام حەقە ئیتر ئێمە بەوەندە حەساسییەتەوە سەیری بەکاربردنی ئەم ئەلفازانە بکەین کە بزانین ئەمە فاشیزمە و جگە لەمە هیچ تەعبیرێکی تر هەڵناگرێت. ئەمە هیچ جیاوازیی نییە لەگەڵ خیتابی حاخامێکدا گەر بۆ چاندنی ڕق و کینەی فاشییانە و بۆ ناشیرینکردنی نەیارانی خۆی و بۆ زەزمینەسازکردن بۆ تیرۆرکردنیان، بێ و پێیان بڵێت "بەچکە ئیسلام". ئەمە فاشیزمە و ئینسان لەسەر ئەساسی ئینتیمای دینیی دەکاتە دووبەرەوە، بەرەی ئێمە و بەرەی دوژمنان. ئەم فاشیزمە و ئەم تەحقیرکردنەی ئینسان چی لە هەولێر بێت چی لە تەل ئەبیب، دەبێت دەوڵەت یاسای هەبێت بۆ سنووربۆدانانی.

ئەوەی بەلای منەوە جێگەی داخە ئەوەیە کە دەسەڵات نە بەدوای پاراستنی مافی ئازادیی بیروڕاوەیە بۆ هاوڵاتییان و ڕۆشنبیران و نووسەران، نە بەدوای پاراستنی خەڵکەوەیە لە تەفرەدانیان بە دەجەل، نە بەدوای دەرکردنی خەڵکە سادەکەیە لەو سادەییەیان، نە بەدوای بنبڕکردنی گوتاری فاشییانەوەیە لە کۆمەڵگادا، وە نەش بەدوای ئەوەوەیە کە ڕێ لە تەشەنەکردنی عەقڵی تیرۆر و گوتاری ڕەواجپێدەرانی توندڕەویی لە کۆمەڵگادا بگرێت. جێگەی داخە کە گرتنی ئەو مەلایە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیجیی پارتیی و یەکێتییدا دێت لەسەر ئەوەی کە نەیارانی خۆیان (نەک نەیارانی خەڵک و کۆمەڵگا) بێدەنگ بکەن. ئەوەی کە پاش دووساڵ ئینجا بیریان دەکەوێتەوە کە ئەو مەلایە بانگەشەکەرێکی خەتەرناکە بۆ توندوتیژیی لە کۆمەڵگادا، بەڵگەی ئەوەیە کە دەسەڵات بەدوای پاراستنی دەسەڵاتی خۆیەوەیە لە بەڵا، نەک پاراستنی هاوڵاتییان و کۆمەڵگای کوردیی لە مەلای توندڕەو.

دەسەڵات دەبێت بەئاشکرا و بەناوی داکۆکیی لە مافی ئازادیی عەقیدە و ئازادیی بیروڕا بۆ ڕۆشنبیران و هاوڵاتییانەوە ئەو کەسانە کە خەڵک بۆ بەکارهێنانی توندوتیژیی هان دەدەن بەرێتە بەر دادگایەکی عادیلانە، نەک ئەوەی بەناوی "دژایەتییکردنی پەرلەمان و حکومەتی کوردییەوە" بیافرێنێت و دوای ساتوسەودای سیاسیی خۆیان، یان خۆیان وتەنیی "دوای چاکبوونەوەیان" و ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە زەرەریان بۆ یەکتریی نەبێت، بەربدرێن و دەستیان ئاوەڵا بکرێتەوە بۆ دەجەل و بۆ بزواندنی هەستی خەڵکە سادەکە دژ بە ئازادییەکانی هاوڵاتییان.

کارێکی وایە کە هەم بەرژەوەندیی دەسەڵات و هەمیش بەرژەوەندیی هێزە ناڕاشیۆناڵەکانی ناو کۆمەڵگا لەسەر حیسابی ئازادییەکانی خەڵک دەپارێزێت. کاتێک مەلایەک بە گێڕانەوەی خەون یاری بە مەشاعری خەڵکی سادە دەکات و هانیان دەدات بۆ تەنگپێهەڵچنینی ڕۆشنبیران و نووسەران و هەموو ئەوانەی وەک ئەوان بیر ناکەنەوە، وە ئەم خەونەشی دەماودەم و مۆبایل بە مۆبایل دەڕوات؛ ئەوکاتەیە کە بەشێکی خەڵک دەرمانخواردووی ئەم دەجەلە دەبێ و هێرش دەکاتە سەر بەشەکەی تر. وە کاتێکیش دەسەڵات هەر لە خەمی ئەوەدایە کە ئاگرە سووورە لە خۆی دوور بگرێت نەک لە ئازادییەکان، ئەو کاتەیە کە ئیتر لە وڵات دەجاڵ هەڵدەستێت.

rozahusein@yahoo.com